Worker-communist Party of Iraq
Abroad Committee

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
کۆمیتەی دەرەوەی وولآت

الحزب الشيوعي العمالي العراقي
لجنة تنظيم الخارج

# له چوارچێوەی ئەو سیمینارانەدا کە ڕێکخراوی دەرەوە بە دوای کۆنگرەی چواردا سازیدەدات، ڕێکخراوی بەریتانیا هەستا بە سازدانی سیمیناری ئەندامان لە لەندەن

ڕۆژی 2008/4/6 بەئامادەبوونی کادران و ئەندامانی حزب، ڕێکخراوی بەریتانیا سمیناری کادران و ئەندامانی سازدا بۆ هەیئەتی نوێنەری مەکتەبی سیاسی هاوڕێیان مؤید احمد و نادیە محمود.

سەرەتای سیمینارەکە بەدەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستپێکرد. سمینارەکە لەلایەن نوری بەشیر؛ لێپرسراوی حزب لەبەریتانیا بەڕێوەدەبراو پاش ناساندنی دەستورەکە هاوڕێ مؤید باسەکەی خۆی پێشکەش کردو بەدوایدا هاوڕێ نادیە محمود.

لەم سمینارەدا هەریەک لەهاوڕێیان لەلایەنی جۆراوجۆرەوە لەباسی ئەوەی کەکۆنگرەی چوار بۆ بەسترا، خاڵی بەهێزی کۆنگرە چی بوو، باسە سەرەکیەکانی کۆنگرە لەدەوری چی بوو، هەروەها کۆنگرە چی خستە دەستوری خۆیەوە بۆ دەورەی ئایندە بۆ ئامادەبووان دووان.

بەدوایدا هاوڕێیانی بەشداربوو لەلایەنی جۆراوجۆرەوە پرسیارو دەخالەتیان کرد، بەجیا لەوەڵامی هەردوو هاوڕێیان؛ نادیە و مؤید، هاوڕێیانێکی تر کە لەکۆنگرەدا بەشدار بوون هەم دەخالەتیان کردو هەم بەڕۆشنی وەڵامی هاوڕێیانیان دایەوە.

سمینارەکە دوای 5 کاتژمێر لە باسی سیاسی چڕوپڕو لە نێو دەخالەتی ئامادەبوواندا کۆتایی پێهات.

لەکۆتاییدا؛ داوا لەهاوڕێیانی بەشدار کرا کەهەرچی زیاتر دەخالەت و چالاکیان زیاد بکەن لەڕاستای ئەو کارانەی کە بەدوای کۆنگرەدا حزب دەستی پێکردووە.

**کۆمیتەی دەرەوەی وولآت**

10.04.2008

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+4791114116

**Worker-communist Party of Iraq** **حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**Abroad Committee** **کۆمیتەی دەرەوەی وڵات**

الحزب الشيوعي العمالي العراقي
لجنة تنظيم الخارج



www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+4791114116